# قەتڵوعامی کورد لە سوریاو
# وەڵامێک بۆ کۆی شۆڤێنیستەکانی عەرەب..

**«یاسین فەقێ سەعی»**

سوریا *کۆمارێکی عەرەبییە!* لە دەستوری وڵاتدا کە ساڵی 1973 دارێژراوە، بە *دەوڵەتێکی دیموکراتی میللی سۆشیالیستی* پێناسەکراوە!! [ دیارە هەر سێ زاراوەکە پاش تێپەڕبوونیان بە فلتەری عروبەو بەعسیزمدا لە هەموو مانا جوانەکانیان داماڵراون] هەر لەو دەستورەدا، ئەم وڵاتە بەشێکە لە *نیشتمانی عەرەب*و خەڵکەکەشی جوزئێکن *لە ئوممەی عەرەبی!!* لەم وڵاتەدا 16 ملیۆن خەڵک لە پانتایی18.5 ملیۆن هەکتار زەویدا دەژین کە بەسەر 14 پارێزگادا دابەشبوون. بەپێی ئامارەکان (*عەرەبە عەلەویە*) دەسەڵاتدارەکانی سوریا، کە لە ڕێی حیزبی بەعسەوە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، *ڕێژەی 10% ی دانیشتوان* پێکدێنن. کوردەکانیش لەو وڵاتەدا بەهەمان ڕێژە مەزەندە دەکرێن، بەڵام ئەوان خاوەنی هەموو شتێکن‌و کوردەکانیش لە سەرەتاییترین مافو ئازادیی بێبەشن.

کۆمێدیا گەورەکەی ئایدیۆلۆژیستە پان- عەرەبییەکان، کە پشتئەستوورن بە کەلتوری ئیسلام، لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، مافی 90%ی دانیشتوانی سوریا بە ناوی عروبەو ئیسلامەوە پێشێل دەکەن. کۆمەڵانی خەڵک لە سوریا لە چەندین گروپی نەتەوەیی‌و مەزهەبی‌و ئاینی جیاواز پێکهاتوون(کورد، عەرەب، ئاشوری«سریان»، ئەرمەنی، شەرکەسی، تورکمان)، (ئیسلامی عەلەوی‌و ئیسلامی سوننە، مەسیحی بەهەموو ئاینزاکانیەوە، دروز، یەهود، ئێزیدیی)، بەڵام لە هیچ قۆناغێکی مێژووی پێکەوەژیانی ئەمانەدا، هێندەی ئەم قۆناغەی دوایی، مافو ئازادیەکانی ئەو پێکهاتە نەتەوەیی‌و ئاینییە ناعەرەب‌و نائیسلامانە بەو توندوتیژییە پێشێل‌و زەوتنەکراوە. دیارە زۆرینەی ئەم تاوانانەش، لەسەردەمی نوێدا، دەگەڕێتەوە بۆ بەعسییەکانی سوریا، کە بەردەوام بە ئاگرو ئاسن وەڵامی هەموو داخوازیە ڕەواکانی ئەو پێکهاتە جیاوازانەیان داوەتەوە.

بەعسییەکان دەزگاکانی دەوڵەتیان لە هەموو ڕوویەکەوە خستۆتە بن کۆنترۆڵی دەزگا جاسوسیەکانی خۆیانەوە، بەمەش دەوڵەت لەسەداسەد گۆڕاوە بە ڕێکخراوێکی ئیرهابی، کە ئەرکی سەرەکی تۆقاندنی هاووڵاتیانە، نەک خزمەتکردنیان.. دیارترینی ئەو دەستدرێژیانە کراوەتە سەر کوردەکانی سوریا، کە لەسەر خاکی خۆیان داگیرکراون‌و لە هەموو مافێکی سروشتیی خۆیان، چ وەک نەتەوەو چ وەک هاووڵاتی، بێبەشکراون. بە کورتییەکەی سوریا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە سیستەمی تاکحیزبیی تیایدا دەسەڵاتدارەو تاکئاینزایی بنەماڵەیەکیش سەرجەمی دەزگاکانی دەوڵەت‌و حیزبی بۆ خۆی قۆرخ کردووە. لەوانەشە تاکە وڵات بێت لە دنیادا کە لە تیۆریدا کۆماری‌و لە پراکتیکدا پاشایەتی بێت، تاقانە وڵاتی دنیایە کە دەزگای نهێنیپارێزی حیزب، موڵکی بنەماڵەی فەرمانڕەوایەو لە پێناوی مانەوەی ئەواندا لە دەسەڵاتدا ئامادەیە کۆی سیادەی وڵات بفرۆشێ‌و کۆی دڵسۆزانی وڵاتیش قەتڵوعام بکات. ئەزموونی دەسەڵات وەرگرتنی «بەشار الاسد» پاش مردنی باوکی، وەک مۆدێلێکی شۆڤێنیستی بەعسیانەی

www.kurdistanet.org

پوخت، له جیهانی عەرەبیدا، لەلایەن توێژی دەسەڵاتدارەوە حسابی بۆکرا، زۆرینەی کوڕانی سەرکردەکانی ئەو جیهانە خۆیان بۆ هەمان چارەنووس ئامادەکرد، لەسەروو هەموویانەوە عدیو قوسەی، تادواهەناسە خەونیان پێوەبینی، بەڵام ڕوخانی ڕژێمەکەیان لە بەغداو کوشتنیان بەو شێوە دراماتیکی‌یە، زەنگێکی گەورە بوو بۆ سەرجەم زارۆکی سەرکردەی وڵاتو حیزبەکانی عەرەب بەتایبەتی‌و وڵاتانی ئیسلامی‌و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی.

ساڵەهای ساڵە کوردەکان لەناو سنووری دەوڵەتی سوریادا دەژین‌و هاووڵاتی ئەو کۆمارەن‌و کەچی هەتا ئێستا مافی هاووڵاتیبوونیان لێزەوتکراوە، تا ئێستا بە بیانی «ئەجنەبی» ناویان تۆماردەکرێ‌و بە خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکەیان نازانن، وەک ئەوەی ئیسلام ئاینی کورد بووبێ‌و بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی ئاینەوە، کورد چوبێتە سەر خاکی ئەوان، شۆڤێنیستەکانی عەرەب لەبیریان چۆتەوە کە لە نیمچە دورگەی عەرەبی‌یەوە بەسواری شمشێری فتوحات هاتونەتە سەر خاکی دانیشیوانی ڕەسەنی ئەو ناوچەیە«مێزۆپۆتامیاو شام»، لەبیریان چۆتەوە کە بەناوی خوداو خوداپەرستی‌یەوە، خاکو کەلتوری دانیشتوانە ڕەسەنەکەیان داگیرکردوەو تەنانەت لەسەرەتای هاتنیاندا بۆ شام، کە بۆ یەکەمینجار ڕووبەڕووی شارستانی‌یەتی ئەو وڵاتە بوونەوە، تووشی شۆک بوون‌و توانای دروستکردنی مزگەوتێکیان نەبووە بۆ خواپەرستی، کە لە ئاستی شوێنە موقەددەسەکانی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەو وڵاتەدا بێت، بۆیە بەزەبری هێزو توانا، بەئەوپەڕی دڕندەییەوە پەلاماری کڵێسایەکیانداو کردیانە مزگەوت. لەو ساتەوەختەوە ئەوان، بە غەدرو خۆسەپاندن، بە کوشتن‌و بڕین ، دەستدرێژی دەکەنە سەر کەلتوری دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە. لەو ساتەوەختەوە تا ئێستا عەرەب لە سوریاو عێراقدا خۆیان کردوە بە خاوەنماڵ‌و خاوەنماڵیشیان کردووە بە بیانی..

پاش ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی 12ی ئازاری گەلی کورد لە شاری قامیشلۆو شارەکانی‌تری سوریا، لە ئاکامی ئەو قەتلوعامەی ڕژێم لە بەرپەرچدانەوەی ڕاپەڕینەکەدا ئەنجامی‌دا، دەیان هاووڵاتی کورد شەهیدکران‌و سەدانیان لێ زیندانیکرا. چەند قەڵەمێکی عەرەبی شۆڤێنی لێرەولەوێ کەوتنە هەڵڕشتنی ژەهری بیروبۆچونەکانیان‌و چی داخ‌و زوخاوی کەوتنی ڕژێمی بەعس لە بەغداو بەدیلگرتنی سەداو چەسپاندنی فیدراڵیەت لە عێراقدا هەبوو، بەو ڕاپەڕینەو بە کوردەکانی سوریایان ڕشت. دیارترینی ئەو شۆڤێنیانە، (دیارە هێندەی من ئاگاداربم، دەکرێ لە چەندین شوێنی‌تردا نووسەری شۆڤێنی داخی دڵی خۆی هەڵڕشتبێ)، «مناف جاسم»و «جمیل ملکی»و «فهان کیراکوس»بوون، کە لە ماڵپەڕی « ئیلاف » ڕۆژانی 15 و 16و 21 ی ئازار، ژەهری بۆچونەکانی خۆیان بڵاوکردەوە.

مناف جاسم، لە وتارێکدا بەناوی «کوردەکانی سوریا یاریەکی فوتبۆڵیان ئیستیغلالکردو ئاڵای کوردستانیان بەرزکردەوە»، جمیل ملکی، لە وتارێکدا بەناوی « سوریا بۆ سوری‌یە موخلیسەکانە»و فهان کیراکوس، لە وتارێکدا بەناوی « ئەی هاوڕێی کوردم ، بۆچی؟» چەندین بیروبۆچونی شۆڤێنیانەی خۆیان وەک بەعسی‌یەک دەربڕی، تەنانەت بەرامبەر بە گێڕانەوەی ڕاستی‌ی ڕووداوەکان، درۆی شاخداریان هەڵبەست بۆ سەرکوتکردنی کوردو خزمەتکردنی حیزبی حاکم، بێویژدانانە ژمارەی قوربانیەکانیان تەزویر کرد، ڕاپەڕینەکەی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانیان لەسەر زاری بەعسیەکانی بەغداوە ناونا « اعمال شغب»و کوژراوەکانی دیرالزوریان ناوزەدکرد بە ڕۆڵەی عەرەبو شەهیدە کوردەکانیشیان ناونا

www.kurdistanet.org

«المتمردون»، «المخربين الانفصاليين». گەر یەکێک شۆڤێنیو داخ‌لەدڵ نەبێ چۆن بەو نرخە هەرزانە پاساو بۆ ڕەفتاری ڕژێمی بەعسی سوری دەهێننەوە، گوایە جەماوەری ڕاپەڕیوو وتویانە: *(بژی کوردستان) (بژی بوش)، وەیان لەمانەش گوناهتر گوایە ئاڵای سوریایان سووتاندووە، وەک هاوشێوەی کوردەکانی عێراق کە لە بەهاری 1991 دا، ئەمانیش کەوتونەتە سووتاندنی دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەت، دەستدرێژیان کردۆتە سەر هاووڵاتیانو ژمارەیەکی زۆریان لە پیاوانی ئەمن کوشتووە، پیاوانی ئەمنیش سەرەتا بە ڕێگەی شارستانی مامەڵەیان لەگەڵا کردوونو بۆ ترساندنیان، وەک لە ئەوروپا ڕوودەدا، تەقەیان بە هەوادا کردووە، لەو حاڵەتە دەگمەنەشدا کە پۆلیس فیشەکی ڕاستیی تیادا بەکارهێناوە، تەنها بۆ دیفاعکردن بووە لە خۆیان!*.. ئەمە چ ویژدانێکی بۆگەنە بەو شێوەیە دژی جەماوەر بدوێو بەو دڵسۆزی‌یە بەرگریی لە ڕژێم بکات؟ دیارە ئەم نووسەرانە بەتەمای خەڵاتی ڕژێمن لەبەرامبەری ئەو درۆ گەورانەی کە بەهەموو پیاوێک ناکرێن، دەنا چۆن وەڵامی ئەو هەموو شەهیدە لە خەڵکی سیڤیل دەدەنەوە کە بێ‌چەک بوونو پیاوانی ڕژێم زۆر دڕندانە کەوتونەتە گیانیان؟! پاشان بە چ هەقێک سوکایەتی بە ئەزموونی ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق دەکەنو جەماوەری گەلەکەمان تاوانباردەکەن بە کوشتنی هاووڵاتیان؟! لەولاشەوە زۆر بێ‌شەرمانەو وەک نەعامە چاوی خۆیان دەگرن لە ئاستی ئەو هەموو تاوانە گەورەیەی بەعسی‌یەکان کردوویانە لە عێراقدا، چۆن دەتوانن ئەو هەموو گۆڕە بەکۆمەڵە لەبیر خۆیان ببەنەوە، چۆن قوربانیانی هەڵەبجە، وەک قوربانیانی کوردستانی سوریا، بەوە پێناسە دەکەن کە پیاوانی ڕژێم بۆ دیفاعکردن لە خۆیانو پاراستنی سیادەی نیشتمانیو بەرپەرچدانەوەی گێرەشێوێنی شەهیدیان کردوون؟! لەمانەش ناخۆشتر ئەو عیبارەتە سواوەیە کە دەڵێ ڕاپەڕینەکە موئامەرەیەکی (سەهیۆنی- کوردی)یە، لێرەوە داوای ڕەوای گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی‌و دیاریکردنی چارەنووسی‌و سنووری جوگرافیای کوردستان، دەشوبهێنن بە نەخشەی زایۆنی لە نیلەوە تا فورات، ئەمەش یەکێکە لە دیارترین ڕوخسارە شۆڤێنیەکانی ئەو نووسەرانەو هاوشێوەکانیان. ئەم ئەقڵیەتە نەخۆشەی کە هیچ بڕوایەکی بە تۆلێرانسو پێکەوەژیانی ئاشتیانەی گەلان نی‌یە، پاساو بۆ سیاسەتە شۆڤێنیەکانی بەعسی سوری دەهێننەوە کە بۆیە جنسیەی سوریی نادرێت بە کوردەکان لەبەرئەوەی گوایە کورد دەیەوێ تەعەددای ناموس بکاتە سەر ئەو خاکەی کە باوەشی بۆ کردونەتەوە، لەمانەش کۆمێدیتر ئەوەیە کە ئەو نووسەرە بێ‌ئاگایانە لە دنیا، بوونی کورد لە سوریا دەشوبهێنن بە بوونی کورد لە ئەڵەمانیاو دەڵێن: *بۆچی کورد لە ئەڵەمانیا داوای گۆڕانکاری ناکەن لە دەستووردا، خۆ ژمارەی کورد لە ئەڵەمانیا زۆرترە وەک لە سوریا!* ئەمانە هێندە کورتبینن، ئەوەیان لە بڕوای خۆیاندا سڕیوەتەوە کە کورد لە سوریا لەسەر خاکی خۆی دەژی‌و لە ئەڵەمانیا پەناهەندەی دەستی سیاسەتە شۆڤێنیەکانی داگیرکەرانی کوردستانن! ئەوەیان لەبیرچۆتەوە کە ئەڵەمانیا وڵاتێکی دیموکراتەو سوریا دیکتاتۆریە! لە ئەڵەمانیا پەناهەندەی کورد ئازادەو هەموو مافەکانی پارێزراوە، لە سوریا هاووڵاتی‌یە کوردەکان بندەستنو هیچ مافێکیان نەپارێزراوە، بگرە هیچ مافێکیان پێ‌نەدراوە! سەرەڕای ئەمانەش، کورد وەک گەلێکی ئاشتیخوازو دیمکراتیخواز، گەلێک شادمان دەبێت گەر سوریاش بگاتە ئاستی ئەڵەمانیاو ئەو مافو ئازادیەی ئەڵەمانیا بە پەناهەندەی ڕەوادەبینێ، سوریاش بە کوردەکانی ڕەوابببینێ! ئەڵەمانیا پاش چەندساڵێک جنسیە بە پەناهەندە

www.kurdistannet.org

دەبەخشێ، بەڵام سوریا وا بۆ دەیان ساڵ دەچێت ئەو مافەی لە هاووڵاتی‌یە کوردەکان زەوتکردووە..

لە کۆتایی درۆنامەکانیاندا هەندێکیان داوای یەکگرتوویی دەکەن لە هەموو خەڵکی سوریا ڕووبەڕووی ئەو (الانفصاليين)ەو هوتافکێشان لەسەر ئاوازەکەی بەعسی گۆڕبەگۆڕ *"بالروح.. وبالدم.. نفديكي يا سوريا"*، هەندێکی‌تریان مافی تەواو دەدەن بە ڕژێمی سوریا کە لەپێناوی یەکێتی خاکەکەیدا هەموو شتێک بکات، گوایە هەموو یاساو عورفە نێودەوڵەتیەکانیش پشتگیریان دەکات کە نەهێڵن بەشێک لە خاکی سوریا ناوبنرێ خاکی‌کورد یان کوردستان، دەنووسن: *القوانين الشرعية الدولية تمنح للسوريين حكومة و شعبا حق المقاومة بهدف الحفاظ على ارضهم العربية و صونها من أي اعتداء غاشم و من اية جهة كانت!؟* ئەم گێلە پیاوانە لەبیریان چۆتەوە کە هەر سوریایە دەیان ساڵە بەشێکی خاکی لوبنانی داگیرکردووەو ئەم قسەیەی دەیکەن دەمێکە لوبنانیەکان لە دژی سوریا دەیکەنو ویژدانی تۆپیوی بەعسیەکانو ئەم نووسەرە بەکرێگیراوانەشیان لە ئاستیدا کەڕو بێ‌ورتەیە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم قسەیە بەرامبەر بە دەوڵەتی ئیسرائیل کراوە کە خاکی عەرەبی داگیرکردووە، کوردی بەستەزمان گەر داگیرکەران وازی لێبێنن هەرگیز تەماعی لە خاکی کەسی‌تر نی‌یەو نەبووە...

ئەم دەرئەنجامانەی نووسەرە شۆڤێنیەکان پێی‌گەیشتوون، کرۆکی هاتنەقسەیانەو دەیانەوێ بڵێن: کورد لە سوریادا ئاوارەو پەناهەندەو میوانە، خاک خاکی عەرەبە، کوردستانی گەورەو نیشتمانی کوردیش موئامەرەیەکە وەک موئامەرەی زایۆنی‌یە بەتەماعەکان ، بۆیە سوریا هەقی خۆیەتی بەرامبەر بە داخوازیە نەتەوەییەکانی کورد توندوتیژ بێ .. بەڵام بەم هەڵوێستە بەعسیانەیەی ئەم نووسەرانە، بۆ ئێمەی کورد ئەو ڕاستی‌یە ئاشکرابوو، کە دیالۆگی کوردی - عەرەبی، مەحاڵە بێتەدی هەتا کەلتوری شۆڤێنیانەی بەعسیەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا فەرمانڕەوا بێت..

*　　*　　*

**یاسین فەقێ سەعی**

بەلژیکا 2004/03/23

Yassin.abdellah@pandora.be

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET